لە (ژەنگار)ەوە تا (بەمۆ) [٢]
گەڕا لە دووی
باوکی هەژاری بزر بووی
تا سەرەنجام
لە پشت گمۆ [٣]
دۆزیەوە لەگەڵ کاروان
دوای سەربڕین
قەل خوارد بووی ..
ڕاهاتەوە
ئێسکی وورد بووی
کۆ کاتەوە
وەك دیاری‌یەك
بۆ(مەجمەع)ی بێنێتەوە [٤]
لە پڕ کۆمەڵێك دەست بە چەك
ژەندرمەی چەپەڵی عەفلەق
هەر بە ناهەق
لەشی ئەویشیان بە فیشەك
بێژنگ کردەوە
چیا بە دەم پێکەنینەوە
ووتیان تۆش بڵێ لەو دنیا

---

[٢] ژەنگار : سنووری ڕۆژ ئاوای کوردستان - عێراق . ( بەمۆ)ش ڕۆژهەلاتیتی .

[٣] گمۆ: چیایەکی بەرزی کوردستانی عێراقە لە ناوچەی سیوەیل سلێمانی.

[٤] مەجمەع : مجمع : بریتی‌یە لەو کۆمەڵە خانوانەی ڕژێمی بەعس لە کوردستانی عێراق دروستی کردن و بە زۆر کوردە گوندەکانی سەر سنووری کوردستانی دەگواستەوە بۆیان

بەڵێ دوژمن
ئەتوانی هەزاری وەك من
دەست و پێی کۆت و زنجیر کەی
لەگەڵ ژانا
لاوی لە زیندانا پیر کەی
لەوەش زیاتر
زمانی خۆشی لە بیر کەی
بەلاّم ئایا
کاروانی رێگەی خوازویستی
بە رای ئێوە
دەمرێ و ناگاتە مەبەستی ؟

❁ ❁ ❁

بەڵێ دوژمن
ئەتوانی هەزاری وەك من
لە زیندانا بتاسێنێ
چاوی هەزارانی تریش
بترسێنێ
دەشتوانی
بە هۆکانی راگەیاندن
وەك (خائن) یش
بەم خەڵکەیان بناسێنێ

گەرچی بەندیخانەکەیشی درندەیە تۆقێنەرە
لەوانەیە شاعیر بوایە ئەمەی بە شیعر بهۆنراوە

❁ ❁ ❁

خۆ زیانم لێ نەدەکەوت . تووشی ئەشکەنجەش نەدەبووم
رازیش دەبووم بەو قسانەی گوێی هەندێك پێی ئاخنراوە
وەکو هەموو دڵ بەزیوێ خۆ دەمتوانی مت و کپ بم
بێ باس و خواس ، وەك ئەو بەردەی لە بن گۆما داڕزاوە
هەمان هەست و سۆزە لای هەموان ئەگەرچی کەس نی‌یە
ئاشکرای کا ، چونکە خەڵکی لە بێ دەستی حەپەساوە
هەست مردووە ، ترسنۆکە ، نەفامێکی هیچ نەزانە
ئەوەی وا بە کۆدەتای گەمژەو گەوێلان خەڵەتاوە
ئەو ئاگرەی وا لە دەوری گەل کڵپەی بڵێسە ئەدا
ئەو خوێنە دای ئەمرکێنێ کە لافاوی پێ هەستاوە
دڵم وورپایە بابە گیان ، وەك خۆی ئاسایی لێ ئەدا
گەرچی سبەینێش ئەیبینی وا لە لێدانی وەستاوە
ستەم ماوە ، وا زوو کۆتی ناپسێ بە مردنێ
گۆڕینی هێزێکی ئەوێ ، هێزیش شۆڕشی خوێناوە
با ستەمکاران هەزاری وەك من و تۆش لە دارێ دەن
گەل رانە ، چۆن زەرەر دێنێ ، کە تاکێ بەرخی خوراوە

❁ ❁ ❁

سەرەنجامی متی تۆ و بتی دوژمن
ئەم ئیسلامە کەوتووە وەك شێری کوڵ
لە بێ تۆیی سەفاراتی ولاتان
لەبەر دەرگای هەڵدەتوتن کورد کزۆڵ
لە بێ تۆیی پێشمەرگە بۆتە جەردە
لە بێ تۆیی مۆنج ئەدا بیری کرمۆڵ
ئاخ بۆ ئەو رۆژەی موسوڵمانانی کورد
دێنە مەیدان وەکو ئەفغان توند و تۆڵ
خۆزگە دەمام و دەمدی چەکی دەستیان
تەنگ هەڵدەچنێ بە بیری پەڕیدەو زۆڵ
جا شەرعی خوای وەك یاسا دێنایە پێش
جاهیلێتیشی دەرمان دەیکردە خۆڵ

# هیوای پیاوی بێ چەك

جاجی : ئەفغانستان ٧ ١٩٨٨

هێزی کوفر
با سەر ببڕن
با سك بدڕن
با بکوژن
با خوێن بڕژن
ئابڕوو بتکێ
با قورئان بخەنە ژێر پێ
با هەموو مزگەوت بڕوخێن
با میحراب پڕ ببێ لە خوێن
با خواوویستی خاوەن ئەسەر
لە زیندانا
لە مزگەوت و سەرشەقام و
لە ناو کوچەو کۆڵانانا
بڕوا .. وون بێ ، بێ سەر و شوێن !!
چی بکەین ئێمە
کە ئەمە قەدەری خوایە ..
( الخیرُ فیما وقعً ) و

## - ك -

کاوێژ ئاژەڵ خواردنەکەی کە دەیخوات جارێکی تر دەیهێنێتەوە دەمی وبۆ جوینەوەی

کپ مت : کڕ : بێ دەنگی

کودی کولەکە : کەدو

کرێ گرتە بەکرێ گیراو : مەزدور : عەمیل

کلێتە کڵاوێکی گوڵینکە داری کورد چنە ، لەسەرەتای شۆڕشی کوردستانی عێراقدا هێمای پێشمەرگە بوو

کۆیلە بەندە : بەردە : عەبد

کەرسەك تۆپەڵە گڵی یەکگرتوو

## - گ -

گرگن کورتە باڵا : قزم

گزنگ سەرەتای دەرکەوتنی تیشکی خور

گۆڕەپان ساحە : مەیدان

گۆشەگیر دوورە پەرێز ، کەنار گیر ، منعزل

گەشە نەشونما : پێگەیشتن : نمو

گەمارۆ ئابلۆقە : چواردەور گرتن : محاصرە

## - م -

مەرەز تیسکی نەرمی بزن کە رەنگی خورمایی‌یە

مەلۆ کۆمەڵێك گەنم یا جۆی دوراو

## - ن -

ناژاکی ناشێوێ : تێك ناچێت

نزا پارانەوە : دوعا

نوزە دەنگی نزم کە بە دەم ژانەوە دەردەبڕێ

نێچیر راوکراو : الفریسە

# - پێرست -

| | |
|---|---|
| پێشەکیی چاپی دووەم .................... | ٤ |
| شیعرەکانم بۆ کێ دەوێ.................... | ٥ |
| شیعرەکانم .................... | ٧ |
| بۆ چەوساوەکان .................... | ١٠ |
| هەوێنی شیعرەکانم .................... | ١٢ |
| مافی بوونی ئیسلام .................... | ١٤ |
| کەو و کورد .................... | ١٦ |
| وانەکانی مێژوو .................... | ١٨ |
| موسەیلەمەی کورد .................... | ٢٢ |
| کوردایەتی و درۆکردن .................... | ٢٤ |
| نەورۆز .................... | ٢٧ |
| هەستانی شەو ( قیام اللیل ) .................... | ٣٠ |
| منی بەندە .................... | ٣١ |
| بۆ خوشکێکی سەرپۆش بەسەر .................... | ٣٣ |
| حسب النبی ) پاڵەوان .................... | ٣٧ |
| مروان حدید .................... | ٤٠ |
| ئەی پێغەمبەر ( صلی الله علیه و سلم ) .................... | ٤٣ |
| لەزیندانا .................... | ٥٤ |

بۆ شەوی قەدر ........ ٨٦
بۆ میستەر هودلی ........ ٨٧
شۆڕشی کورد ........ ٨٨
نامەیەك لە شەوی لەسێدارەدانا ........ ٩٠
کێ .. کەی .. لەکوێ ؟! ........ ٩٨
بۆ دەروون بەزیوەکان ........ ١٠٠
تاك و بێ چەك ........ ١٠٢
سروودی سەربازگە ........ ١٠٤
هوتافەکانی مەشق کردن ........ ١٠٥
هێزێکی مۆمیا کراو ........ ١٠٦
فرمێسك ........ ١٠٧
گیانی تۆڵە ........ ١٠٨
کڕنوشی ناسایی ........ ١١٠
هیوای پیاوی بێ چەك ........ ١١٧
هۆ هەڵە بجە ........ ١١٩
تریاکی مارکسیزم ........ ١٢٩
بۆ هێزێکی لەدایك بوو ........ ١٣١
فەرهەنگۆك ........ ١٣٤
پێڕست ........ ١٣٩

